هەرێمی کوردستان – عێراق
زانکۆی سۆران – هەولێر
کۆلێژی ئەندازیاری – شارستانی

# نالی شاعیر


ئامادەکردنی:
گۆران تحسین احمد
سۆما سامان عبدالرحمن

بەسەرپەرشتی:
م. حەیات سعید

ساڵی خوێندن – ٢٠٢١

## ناوەڕۆک


- پێشەکی.................................................................................... ٣
- نالی........................................................................................ ٤
- ژیانی نالی.............................................................................. ٥-٧
- نالی و میرنشینی بابان................................................................ ٨
- نالی و کۆچکردنی بۆ دەرەوەی کوردستان........................................... ٩
- نالی و سالم نامە دەگۆڕنەوە...................................................... ١٠
- ئەو مەبەستانەی لە شیعری (نالی) دا بەرچاو کەوتوون ........................ ١١
- زنجیرەیەک کاری ئیلسترەیشنی بۆ شیعرەکانی نالی................................ ١٢
- نالی و خۆشەویستەکەی.............................................................. ١٣
- نالی و ئەدەبی بێگانە.................................................................. ١٤
- نالی و نیشتیمان پەروەری........................................................... ١٥
- سەرچاوەکان.............................................................................. ١٦

# پێشەکی

نالی بە یەکێک لە شاعیرە مەزنە کلاسیزمیەکان دادەنرێت لە مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، کە ڕۆڵی ئەم کەڵەشاعیرەدا لەم نێوەندەدا بەڕۆڵێکی زۆر کاریگەرو پتەو دەردەکەوێت و ئەسپی شیعری خۆی بە شێوەیەکی وەها تاوداوە کەم شاعیر دەبینین شان لە شانی بدەن و پێی بەراورد بکرێن.

لەگەڵ هەریەکە لە شاعیران (کوردی و سالم)[1] لە ژێر سایەی دەوڵەتی (بابان)[2] سێکووچکەی شیعری کوردیان پێک هێناوە (کە بە سێکوچکەی بابان) ناودەبرێت. لێ کۆڵینەوەو بە دوادچوون بۆ شاعیرێکی وەها ئاسا ئەرکێکی پیرۆز و پر بەهایە چونکە نالی لە شیعرەکانی خۆیدا زمانی کوردی زیندوو کردووتەوەو ڕۆحی بەبەردا کردۆتەو ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە نووسینی شیعرو بەرهەمە ئەدەبیەکان بە زمانی دایک حەیبە (شەرم) بووە ،نالی ئەم بەربەستە دەشکێنێت و بە کوردی دەئاخڤێت و شیعرەکانی دەهۆنێتەوە. جا بۆیە لەسەر تاک بەتاکی کورد پێویستە نالی بناسن و شانازیشی پێوەبکەن وەک چۆن دایک منداڵەکەی لە باوەش دەگرێت ئاوهاش پێویستە شیعرەکانی ئەم کەڵەشاعیرە لە نێو ناخمان پارێزراوبن.

نالی توانیوەیەتی جوانترین شیعر بنوسێت و لە زۆربەی مەبەستە شیعریەکان شیعری هەییە بە تایبەت لە شیعری (دڵداری و ئەوینی) مامۆستاو داهێنەر بووە.

ئێمە تەنها ئەوە دەڵێین ئەگر هاتباو نالی کوردنەبایە ئەوە بێگومان زۆربەی خەڵکی جیهان دەیناسی وەک چۆن ئێستا منداڵێکی بچووک لێی بپرسی دەزانێت (شکسپیر)[3] کێیە و ئێمەش لە نالی هیچ کەمتر نابینین کە لەشکسپیر یان (موتەنەبی)[4] هەبوبێت و لەو نەبووبێت بگرە دەتوانین بڵێین لەوانیش باشتر بووە.

جا هیوادارین ئەم ڕاپۆرتە ببێتە وەسیلەیەک و هۆکارێک بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ژیانی نالی و بۆشایەکی بچووکیش لەو کەم و کوڕیانە کەم بکاتەوە کە لە ئەدەبی کوردیدا هەییە.

---


١. کوردی( مستەفا بەگی کوڕی مەحموود بەگی ساحێبقڕان ١٨٠٩-١٨٥٠) ، سالم (عەبدوڕەحمان بەگی ساحێبقران ١٨٠٠-١٨٦٦).

٢. میرنشینی بابان (١٦٤٩-١٨٥٠) لە بنەڕەتدا بە ناوی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە )ەوە دامەزراوە.

٣. ویلیام شێکسپیر، ویلیام یان ویلییەم (بە ئینگلیزی: William Shakespeare؛ لەدایکبووی ٢٦ی نیسانی ١٥٦٤–مردووی ٢٣ی نیسانی ١٦١٦)ـە هۆنراوەنووس و شانۆنووسێکی ئینگلیز بوو.

٤. ئەحمەدی کوڕی حوسێنی کوڕی حەسەن لەدایک بووی شاری کووفە لەساڵی ٣٠٣ی کۆچی (ڕۆژمێری ئیسلامی) یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی عەرەب.

# نالــی



(نالی)[٥] ناوی خدره به عەرەبی: (خضر)[٦] (١٨٠٠-١٨٥٦) کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلیه لە گوندی خاک و خۆڵ[٧] ، لە دەشتی شارەزوور هاتوەتە دنیاوە. هەر لە تەمەنی منداڵی نێردراوەتە بەر خوێندن لە حوجرە. لە سەرەتاوە وردەکتێبی فارسی و قورئانی خوێندووە، دواتر زانستەکانی تری قورئان و فەرمووده و سەرف و نەحو و کەلام، بەلاغە، و فەلەک و فیقھ و سیرە(ژیانامە)ی خوێندووە. تا خوێندنی ئەمانەی تەواو کردووە و دواتر ئیجازەی عیلمی وەرگرتوو، لە چەندەها شوێن وەک سنە و سابڵاخ و هەڵەبجە و سلێمانی و لای چەندەها مامۆستای باشی ئەو سەردەمەی خۆی خوێندویەتی وە زۆرتر دەوری موستەعیددی لە خانەقای (مەولانا خادی نەقشبەندی) لە سولەیمانی ڕابواردووە. دوای تەواوبوونی خوێندنەکەی، نالی مەلایەکی باش و ڕۆشنبیرێکی گەورەی لێدەردەچێت، بێجگە لە زاراوەی دایکی کە کوردی بووە فارسی و تورکی و عەرەبیشی بە باشی زانیوە، تەنانەت شیعریشی پێ نووسیوون:-

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**

**نالی ئـــەمڕۆ حاکمـــی سێ موڵکە، دیوانی هەیە!**

دەکرێت بوترێت نالی شاعیر بەردی بناغە و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری بابان بووە و یەکێک بووە لە گەورەترین شاعیرانی سۆرانی لە سەردەمی خۆی و لە ئێستاشدا.

---

٥. هەندێ لە ئەدیبدۆستان هاوتای نازناوی نالی (ناڵی یا ناڵێ) بەکاردێنن سەیری ئەم لینکە بکە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=8799

٦. ناڵی لە شیعرەکانی خۆیدا خۆیشی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی ناساندووە بەشێوەیەکی ڕەمزی:

**هەرچەندە کە عمری خزر و جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو**

**خەتی سەبزی لە کەناری لەبی، نالی! هەروەک**
**خزری زیندە لەسەر چاهە، زولالێکی هەیـــە**

٧. کە بە داخەوە ئەم گوندە ئێستا ژیانی تێدا ناکرێت لە بەر کەمی پڕۆژە لە ناوچەکە هاوڵاتیانی ئەم گوندە بۆماوەی ٧٠ ساڵ دەبێت چۆڵیان کردووە، سەیری ئەم لینکە بکە کە ڕاپۆرتێکی کەناڵی ئاسمانی پەیامە:

https://www.youtube.com/watch?v=DQViBPnLyNE&feature=youtu.be

## ژیانی نالی

مشت و مڕێکی زۆر هەیە لە سەر لە دایکبوون و کۆچکردنی نالی لە نێو مێژوونووسان و ڕۆشنبیرانی کورددا، ئەگەرچی لە لایەن مێژوونووسانەوە چەند ڕایەکی جیاواز خراونەتە ڕوو بەڵام هیچیان دان بە ڕاستی لە دایکبوون و کۆچکردنی نالی دا نانێن بە بەڵگەوە، هەر بۆیە تا ئێستاشی لە سەر بێت نەتوانراوە ڕۆژی لە دایک بوون و کۆچکردنی بە بەڵگەوە دەقیق دیاری بکرێت ، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەو ڕاو سەرنجانەی نووسەرانی کورد هەیانە لە سەر هاتن و کۆچی نالی:

- موحەممەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: "نالی لە ساڵانی١٨٠٠-١٨٥٦ زاییندا ژیاوە.[٨]
- مارف خەزنەدار و کەمال فوئادیش هەر هەمان مێژوویان دیاری کردوە.[٩]
- عەلائەدین سەجادی دەڵێت: "لە ١٧٩٧ی زاییندا هاتوەتە دنیاوە و لە ١٨٥٥ دا کۆچی دوایی کردووە.[١٠]

ئەگەر بە پێی زۆرینەی لیکۆڵەڕەوان کار بکەین بێجگە لە عەلائەدین سەجادی دەتوانرێت بوترێت نالی ٥٦ ساڵ ژیاوە هەر وەک زۆربەی لێکۆڵەرەوان لە سەر ئەم ڕایە کۆکن. تەنها بە پێی بۆچوونەکەی عەلائەدین سەجادی نالی ٥٨ ساڵ ژیاوە، کە لە ڕاستیدا ئەگەری ئەوەی ٥٨ ساڵ ژیابێت لە چاو لێکۆڵەرەوان زۆر کەمترە لەوەی ٥٦ ساڵ ژیابێت..

ئەم جیاوازیەش وەکو سەرنجی بۆ دراوە قسەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەلایەک و دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر کەمال فوئاد لە لایەکی ترەوە دەربارەی تەمەنی و ساڵی لەدایکبوونی نالی ئەو بەراوردکردنەی کوردی و مەریوانی و بەدوای ئەوانیشدا مامۆستا عەلی موقبیلە، ئەوەی لە پێشەکی دیوانەکەیاندا ساڵی ١٢١٥ی کۆچییان لەگەڵ ساڵی ١٧٩٧ی زاییندا بەراوردکردووە. جا ئەگەر وەها بێت، ئەوا وەک کوردی و مەریوانی و موقبیل و سەجادی ئەفەرموون نالی ٥٨ ساڵ ژیاوە. بەڵام لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنیی "وسف ئەبگارەڤیچ ئۆربێلی"دا ساڵی ١٢١٥ی کۆچی لەگەڵ ساڵی ١٨٠٠-١٨٠١ی زایینی بەرامبەر کراوە. بەپێی ئەمە وەک دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر کەماڵ فوئاد لەسەری ڕۆیشتون، ساڵی لە دایکبوونی نالی دەکاتە ١٨٠٠ی زایینی و تەمەنیشی دەبێتە ٥٦ ساڵ.

---

٨. محمد أمین زكی ،خلاصة تاریخ الكرد و كردستان ، ترجمه (محمد علی عونی)، القاهرة، ١٩٣٩، ص٣٥٨.

٩. مارف خەزنەدار لە بابەتی مێژووی ئەدەبی تازەی کوردیەوە ، مۆسکۆ،١٩٦٧،ل ٣٦ (بە زمانی ڕووسی).

١٠. علائدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ٢٤٠بۆ ٢٤٤،چاپی دووەم، بەغداد،١٩٧١.

لەوانەی باسکران هیچیان ناتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە و باوەڕپێکراو ساڵی لەدایکبوون و کۆچی نالی دیاری بکەن. بەڵام هەندێ شت هەیە دەبنە هۆکاری ڕوونکردنەوەی سەردەمی "نالی" و نزیکبوونەوە لە زانینی ساڵی لە دایکبوون و مردنی.

لە دیوانەکەی (نالی)دا هاتووە کە تێیدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت "مەسەلەی دیاری کردنی ساڵی لە دایکبوون و مردنی کەسێک، شتێک نییە بنیادەم بتوانێ بە ئیجتیهاد بڕیاری لەسەر بدا و ، بە بەڵگەو نیشانەی مێژووی لەوە زیاترمان پی نەکرا کە تێکڕا هەندێ لەو ساڵانە دیاری بکەین کە نالییان تیا ژیاوە. بەڵام بەڵگەی تریش بەدەستەوە هەیە پێمان ئەسەلمێنێ کەوا نالی نە لە ساڵی ١٨٥٥ و نە لە ساڵی ١٨٥٦ مردووە و نە تەمەنیشی ٥٦ یا ٥٨ ساڵ بووە، جا خواە ئیتر لە ١٧٩٧ دا لە دایک بووبێ وەک عەلی موقبیل ئەڵێ یا لە ١٨٠٠ وەک ئەوانی تر ئەڵێن.

گەلێ بەیتی نالی هەیە وا ئەگەیەنن نالی گەیشتووەتە تەمەنی پیرییەکی ڕاستەقینەو بێ هێز بوون کە دیارە ئەوەش لە ٥٨ ساڵیدا پەیدا نابێ، وەک ئەمانە:

1. **مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەت.**
2. **بۆ مەمک نالی چ منداڵانە وەی وەی کردووە.**
3. **گەرچی مووی وەک شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە.**
4. **ئەی تازە جوان ! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم.**
5. **من پیرم و فانی.**

ئەوەی کە گوتراوە ئەحمەد پاشای بابان لە ١٨٥٣ دا لە پاریس باسی نالی بۆ (خۆدزکۆ)ی شابەندەری ڕووسیا کردووە وائەگەیەنێ نالی لەو سەردەمەدا لە شام ژیاوە. چونکە شیعرەکەسی کە پاش تێکچوونی حوکمی بابانییەکان بۆ سالمی ناردووە بۆ سلێمانی، لە شامەوە ناردوویە. لە لایەکی کەشەوە هەموو ئەوانەی مێژووی ژیانی نالییان خستۆتە سەر کاغەز باسی ئەوەیان کردووە کەوا نالی پاشان چووەتە ئستانبوول و لەوێ لەگەڵ ئەحمەد پاشای بابان ماوەیەکی دوور و درێژیان پێکەوە بەسەر بردووە. جا سەرەڕای ئەوە کە لەوانەیە نالی ماوەیەکی زۆریش لە شام مابێتەوە ئەنجا چووبێتە ئستانبووڵ، ئەو ماوەی کەمتر لە دوو ساڵەی نێوان یەکتری دیتنی خۆدزکۆ و ئەحمەد پاشا و مردنی نالی لە ئستانبووڵ لە ١٨٥٥ دا کە ئەڵێن لەو ساڵەدا لەوێ مردووە، بە پێی توانای هاتوچۆی ئەو سەردەمە بە حاڵ بەشی تەنها ڕۆیشتنیکی لە سەر خۆی ئەو چەرخە ئەکا، چ جێی ئەوەش ماوەیەکی دوور و درێژی لە ئستانبووڵ لەگەڵ ئەحمەد پاشا بەسەربردبێ.

نالی لە شیعرێکیا لە بەرابەری مەرقەدی پێغەمبەر ئیسلام دا ئەڵێت:

**"موددێکە کە هەم گەردشی دەورانی سوپێهرم"**

واتە : دەمێک ئاوارەی نیشتمانم و ئەسوورێمەوە و ئێستا گەیشتوومەتە ئێرە. ئەبێ ئەم دەمە چەند ساڵی خایاندبێ و ئەو ماوەیەی لە کوێ بەسەر بردبێ و کوێ گەڕابێ؟

لە شوێنێکی تردا هاتووە. حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە باوکی (مەلای گەورەی کۆیە) گێڕاویەتەوە و بێ گومان قسەیشی جێگای متمانەیە، کە وا لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی. ١٨٧١-١٨٧٢ ی زاینی دا نالی لە مەککە دیوەو کە دیویشیە زۆر پیر بووە.

هەروەها ئاماژەش بەوە دەکرێت کە ناڵی هەر لە زووەوە باوکی مردووە کوری پیرەژنێک بووە لە بنەماڵەیەکی هەژار بووە ئەم زانیاریە بۆ ماوەیەکی زۆر هەر دووبارە دەکرایەوە بەڵام لەم ماوەیەدا لە پای هەندێ توێژینەوە دۆزراوەتەو کە وانییە ناڵی لە بنەماڵەیەکی خانەدان بووە و پارەداربوون وەک هەریەکە لە (خوسرەو جاف)[١١] و مامۆستا (هێمن عمر)[١٢] بەرێوبەری دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران ئاماژەیان بۆ کردووە.

وە لەو توێژینەوەی زانکۆی سۆران هاتووە کەتەمەنی ناڵی بە نزیکەی ٧٥ ساڵ دەبێت بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفی عوسمانیەکان ماونەتەوە لە ئیستەنبوڵ، ئەمەش ئەوە دیاری دەکات کە دەکرێت تەمەنی ناڵی بە جۆرێکی تر بێت ئەو هۆیەش لە هەڵە تێگەیشتنە بۆ ئەوە دەگەڕیننەوە کە لێکۆلەرەوە کۆنەکان هاتوون تەمەنی ناڵیان بە پێی شیعرەکانی خەملاندووە ئەمەش وای لێ کردوون بکەونە هەڵەوە.

وە ناڵی کەسایەتییێک بووە کۆچی زۆر کردووە لە سنە بووە لە مەککە بووە لە سلێمانی بووە لە ئیستەنمبوڵ بووە ئەمانەش هۆکارێکن لە فراوانبوونی فکری ناڵی و دوونیا دیدەی ئەم شاعیرە.

---

١١. بڕوانە ئەم دیمانەیە: https://www.youtube.com/watch?v=hZjolJjP-J4&feature=youtu.be

١٢. بڕوانە: https://www.soran.edu.iq/ku/general-news/2065-soran-university-manuscript-centre.html

# نالی و میرنشینی بابان

نالی لەگەڵ هەر دوو میری بابانی هاوکاتی خۆی واتە سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی هەبووە. ئەم پەیوەندییەش لە زۆرێک لە شیعرەکانی نالیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمانە هەندێ بەڵگەن لەسەر ئەو پەیوەندیەی نالی شاعیر و میری بابان:

**هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین**
**خـــۆی کە دامێن گیری شاهی ئاسەفی سانی دەکات**

شاهی ئاسەفی یەکەم حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر بووە کە وەزیرەکەی ناوی ئاسەفی کوڕی بەرخیا بووە و مەبەستی لە شای دووەمی ئاسەفیش، سلێمان پاشای بابانە.

**ئـــەم تاقمە موماتزە کەوا خاسەیی شاهن**
**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن**

ئەوانەش هەمووی بریتییە لە پیاهەڵدان و باسکردنی تاقمە سوپایەک. دەبێت ئەو سوپایە سوپای کێ بووبێت، ئەگەر هیی سلێمان پاشای بابان یان ئەحمەد پاشای کوڕی نەبووبێت؛ بەتایبەتی، کە پەڕتووەکەکانی مێژوو دەڵێن، ئەم ئەحمەد پاشایە سوپایەکی ڕێکوپێکی و تازە بابەتی پێکهێناوە. وەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێت: "نازانم 'نالی' لە کاتی دەستەڵاتی ئەحمەد پاشادا لە سولەیمانی ماوەتەوە و ئەو سوپایەی بە چاوی خۆی بینیوە و باسەکەیان بۆ گێڕاوەتەوە و دووربەدوور پێناسەی کردووە، یاخود مەبەستی سوپای سلێمان پاشای باوکیەتی، ئەوەی لە ١٢٣٤ی کۆچییەوە تا ١٢٥٤ حوکمرانیی سولەیمانی کردوە؟"!

قەسیدە درێژەکەی، ئەوەی بۆ سالمی هاوڕێی گیانی بە گیانی خۆی ناردووە و ئەوەش تێکڕا پرسیارە لە وەزعی سولەیمانی پاش نەمانی دەوری بابانەکان.


غەزەلەکەی، ئەوەی بەبۆنەی سەفەری حەجی (نووری ڕوودباری)یەوە وتوویەتی کە وەک لە تێکڕای بەیتەکانەوە دەرئەکەوێ خاوەنی ڕێبازی نەقشبەندی و یەکێک بووە لە موریدە ناودارەکانی مەولانا خالید (١١٩٧ی.ک-١٧٨٣ی.ز، ١٢٤٢ی.ک-١٨٢٦ی.ز).

## نالی و کۆچکردنی بۆ دەرەوە کوردستان

لەدوای بیست و پێنج ساڵی تەمەنی، کوردستان جێدەهێڵێت و دەچێتە حەج، و دوای تەواو کردنی حەجەکەی رووی کردۆتە شام لە ساڵی ١٨٥٠ تا کۆتایی ساڵی ١٨٥٤ نالی لە شام بووە، لەو ماوەیەدا میرنشینی بابان دەڕووخێت و، دەنگوباسی ڕووخانەکەی پێدەگات، هەست دەکات خۆشیەکەی سلێمانی نەما، حەبیبەنەما، دۆست و ئەحبابەکانی وەکو جاران نەمان، سوپاکەی ئەحمەد پاشا تیاچوو، سوپای ڕۆمی جێیانی گرتەوە، (سالم)یش نەک هەر هاندەری نابێت کە بگەڕێتەوە سلێمانی بەڵکوو تکای لێدەکات نەشگەڕێتەوە، وەکوو لە قەسیدەکەیدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **توخوا بڵێن بەو حەزرەتی نالی دەخیلی بم** | **بەو نەوعە نەکا بەسولەیمانییا گوزەر** |

نالی نائومێد بووە و بە ناعیلاجی رووی لە ئەستەمبوڵ کردووەو لەوێ لەلای ئەحمەد پاشای بابان ئەبێ لەگەڵ پیاوە کوردەکانی تر ژیانێکی خۆش و ئەدیبانەیان لەدیوەخانی ئەحمەد پاشادا رابواردووەو ، هەموویان بە مامۆستا بانگیان کردووە.



# نالی و سالم نامە دەگۆڕنەوە

یەکێک لە (بەناوبانگترین)[13] شیعرەکانی نالی ئەو شیعرەیە کە بۆ سالمی نووسیوە و ئەویش وەڵامی دەداتەوە، ئەو دوو قەسیدەیە بە ناوی «دوو نامەکەی نالی و سالم»ەوە ناوبانگیان دەرکردووە. نالی ئەو قەسیدەیەی وەکو نامەیەک بۆ سالمی هاوڕێی نووسیوە و باسی دوورە ولاتی خۆی لە شام دەکات و هەست و تاسەی دووری نیشتمان و شارەزوور و سلێمانی کە لە لایەن عوسمانییەکانەوە داگیرکرابوو، دەردەبڕێت. «عەبدولڕەحمان سالم»یش لە وەڵامدا شیعرێکی بەرزی بۆ دەنووسێت و هەردووکیان بە خەیاڵ و بە (با) دا، نامەکانیان دەنێرن. نالی بەم شێوەیە قەسیدەکەی دەست پێ دەکات:

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور ، وەی پەیکی شارەزا بە هەمـــــوو شاری شارەزوور**

**ئەی لوتفەکەت خەفییو هەوا خواە و هەمدەمە! وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزور!**

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بەم شێوەیە ئەو دوو بەیتە شیعرەی شیکردۆتەوە و دەڵێ: "نالی لە ڕێگای (با) ی تیژڕەوەوە نامەکەی دەنێرێت و پێی دەڵێت:"خوا بمکا بە قوربانی تۆزی ئەو ڕێگایەی تۆ بەسەریا ئەڕۆی، تۆ شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێکی شاری شارەزووری و ڕێت لێ ون نابێ، بڕۆ ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنە و هەواڵم بۆ بپرسە و بزانە...". نالی بەو شێوەیە تاسەی دووری خۆی و دوورە ولاتی دەکاتە هەوێنی ئەو شیعرە بەرزە کە "هەڵقوڵاوی ئاخ و دەنگدانەوەی ژانی دەرونی خۆیەتی".

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!**

**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور!**

**ئەی لوتفەکەت خەفی و هەوا خواە و هەمدەمە!**

**وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوزوور!**

**ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان!**

**تۆفانی دیدە و شەرەری قەلبی وەک تەنوور!**

---

١٣. ئەم ناما ئاڵۆگۆڕکردنە بە گۆرانی کراوە لە لایەن هونەرمەند عدنان کریمەوە: https://youtu.be/2NOLm4oVfi4

## ئەو مەبەستانەی لە شیعری (نالی) دا ڕچاو کراون ئەمانەن:

1. دڵداری: کە بەشی هەرە زۆری دیوانەکەیەتی.

نمونەیەک  لەشیعری دڵداری "نالی" شاعیر:

| | |
|---|---|
| زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە، | ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بە داوە |
| ئەم عومرە عەزیزە کە لە بۆت نەقد و دراوە، | سەد حەیف و درێغا کە موسوڵمانی نەماوە! |
| عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت | سەودا و پەرێشانم و، سەودایەکی خاوە |
| هەرچەندە کە ڕووتم، بەخودا مائیلی ڕووتم | بێبەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە... |
| مانی نیەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ | ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە |
| بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی! | بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە! |
| بێفائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لە گریان | بۆ عاشقی بێچارە زووەم ئاوە ڕژاوە! |
| هەر جۆگە و جێگێکی کەوا سوور و سوێر بێ | جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە ڕژاوە |
| سۆزی دڵمە باعیسی تاو و کوڵی گریان | مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە |
| نالی وەکوو زوڵفت کە موتیعی بەری پێتە | تێکی مەشکێنە، بە جەفا مەیخەرە لاوە |


2. وەسف: بە تایبەتی وەسفی بەهار و دیمەنی سروشت و وەسفی حوجرە شەق و شڕەکەی و لێهاتوویی و بوردەباری (کەر)ەکەی!
3. نزاو پاڕاناوە لە خوا.
4. بیری وڵات کردنەوە. قەسیدەکەی سالم وەک نموونە.
5. لاواندنەوە و پیاهەڵدانی پاش مردن.
6. مەدح و پیاهەڵدان. مەدحی سوپای بابان بە نموونە یان وەسفی عەزیزی مصر یوزارسیف(یوسف)


**ئەڵڵا... ئەڵڵا .. کە چ عەقڵ و چ کەماڵێکی هەیە!**
**لەگەڵ ئەو عەقڵ و کەماڵە، چ جەماڵێکی هەیە!**


## زنجیرەیەک کاری ئیلسترەیشنی بۆ شیعرەکانی نالی

ماڵپەڕی کلتووریی دیدی من، بەرواری ٢٠١٦/١١/١٤، لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق – سلێمانی، ڕۆژی نالی، یەکەم .یەکەم ئیڤێنتی کلتووریی خۆی ڕێک خست، بە هاوبەشیی زانکۆی ناوبراو. ئیڤێنتی کلتووریی دیدی من بوو، کە پێک هاتبوو لە چەند چالاکییەکی ئەدەبی و هونەری بۆ شاعیری ناوداری کورد، نالی. یەکێک لە چالاکییەکان بریتی بوو لە دروستکردنی پۆستەری تایبەت بە چەند بەیتێکی شیعرەکانی نالی. ئەم پۆستەرانە پێک هاتوون لە کاری ئیلسترەیشن بۆ چەند بەیتێک لە شیعرەکانی نالی و لە لایەن هونەرمەندی شێوەکار و سەرپەرشتیاری هونەریی، سابات عەباسەوە دروست کراون واتە بەوێنە ئاماژە بەمەبەستی شاعیر کراوە.

سابات عەباس دەڵێت،: "هەر یەک لەم کارانەم لەسەر بەیتێک، لە شیعرەکانی نالی دروست کردووە و هەوڵم داوە تێگەیشتنی خۆم بۆ ئەو بەیتە، بکەم ئیلسترەیشن."






## نالی و خۆشەویستەکەی

بەشێکی ئەوانەی لە ژیانی نالیان کۆڵیوەتەوە ئاماژەیان بە ئافرەتێک کردووە بە ناوی (حەبیبە) کە گوایە نالی گیرۆدەی عیشقی ئەم خاتوونە بوەوە بە شێوەیەکی وەها دڵ و گیانی داگیرکردووە کە بە ئاسانی لە شیعرەکانی بەرچاو دەکەوێت. وە ئەوەشیان گووتوە کە نالی حەبیبەی خواستوەو بووە بە هاوسەری ژیانی وە لەگەڵیشیا پەیوەندی خۆشەویستییان وەک دوو یار و دلدار بەردەوام بووە. بەر دلۆڤانی خولا(خودا) بکەوێت ئەمین زەکی بەگ[١٤] ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە، وە مامۆستا علادینی سجادیش باسی ئەمەی کردووەو بگرە زیاتریشی گوتووە کە ئەڵێت:( نالی لە تەکیەی قەرەداغیش دۆستێکی تری هەبووە بە ناوی (ئایشە) ی ناو بووە، کە گوایە ئایشە لافی ئەوەی لێداوە کە دڵخوازی نالی بووە، ئەم ئایشەیە تا کۆتایی سەدەی ١٩ هەر مابووە. بەڵام لە دیوانەکەی نالیدا کەم یا زۆر هیچ جۆرە هێمایێک بۆ ئەم ئایشێیە نییە تا ئێستا هیچ غەزەل و قەصیدەیەک بۆنی ئایشێ خانی لێوە نایەت. وە شایەنی باسیشە دکتۆر هێمن عمر دەڵێت کە هاوسەری نالی ناوی زەینەب بووە کە لە دەستنووسی عوسمانیەکان ماوەتەوە. جا بوونی دوو ئافرەت یان زیاتر لە ژیانی نالیدا شتێکی ئاسای بووە چونکە لە تەمەنی لاویدا دڵی ئەشێت بەچەند لایەکەوە نووسابێت بەڵام ئەوەی کە لە هەموویان زەقتر و بەرچاوترە حەبیبەیە(مەحبوبە) کە لە خوارەوەدا نموونەی شیعریمان بۆ هێناوەتەوە.

**دەستم لە گەردنی خۆت هەڵ مەگرە ئەی (حەبیبە)!**
**ووبزانە خوێنی خۆمە، یا مییننەتی رەقیبە**

واتە: گیانەکەم! ناچاری دەست بەردار بوونی خۆتم مەکە، با هەر عەوداڵ و سەوداسەرت بم، ئەمەت لە گران نەبێ کە من دڵداری تۆم و هەرگیز دەست لە یەخەت ناکەمەوە... خۆ تۆ منت کوشتووە و خوێنم لە ئەستۆتایە، دە وابزانە ئەم دەست لە یەخە نەکردنەوەشم بارێکی ترە بەسەر شانتەوە وەک گوناهی خوێنم کە ڕشتووتە و لە ئەستۆتایە، یا وەک ئەو منەتەی کە بەدکار لە بارەی منەوە ئەینێتە سەرت.

---

١٤. محمد امين زكي، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان (ترجمة علي عوني) ، القاهرة ١٩٣٩،ص٣٥٩

**سـەر بـەردەبازی رێتـە، تـەن تـەختە بـەندی[١٥] جـێتـە**
**دڵ مەیلی خاکی پـێتـە، رۆح مـاڵی خـۆتـە، بـیبە**

واتە: سەرم بۆ کردوی بە بەردەباز بەسەریا بپەڕیتەوە بەرەو ئەو شوێنەی ئارەزووت لێیە. لەشیشم تەختە بەندی جێگای حەسانەوەتە... دڵیش ئارەزووی لە خاکی بەری پێتە، دەسا پێی پیا بنێ با خاکی بەری پێتی پێوە بنووسێ. گیانیش ئەوە هی خۆتە، بیبە، چی لێ ئەکەی بیکە...

## نالی و ئەدەبی بێگانە

نالی لە سەرەتای چەرخی ١٩ ژیاوە . لەو سەردەمەدا زمانی باوی ئەکەبی برستی بوە لە زمانەکانی ( عربی،فارس، تورکی) چونکە کوردستان لەو سەردەمە یان سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یان سەفەوی بووە جا زمانی ڕەسمی فارسی یان تورکی بووە. بێجگە لەوەش کە زمانی عربی زمانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە و کوردستانیش تێکڕا یەکێک بووە لە وڵاتە ئیسلامیەکان.

سەڕەرای ئەوەش ناڵی خۆیشی خوێندەوارێکی ئاینی و مەلایەکی موسوڵمان بووە. جا بۆیە ئەگەرچی ناڵی بەشی زۆری شیعری بە کوردی وتوە، شیعرەکانی وشەی زۆری فارسی تێدایە، هەروەها وشەی زۆری ئاینی و عربی و زاراوەو زانیاریە ئاینیەکان وەک فیقهـ و ئوصولی دینو مەنطیق و فەلەکییاتیان و زانستی بەلاغەی[١٦] تێدایە. ئەو شیعرانەی کە لە موناجات و نزاو پاڕانەوە وتونی هەموویان ئەنجامی ئەو کاریگەریەن کە ئاینی ئیسلام بە ناخی دەرونیدا کردویەتی.

**ئەی جیلوەدەری حوسن و جلەوکێشی تەماشا!**
**سەرڕشتەیی دین بێ مەددەدی تۆ نییە، حاشا**
**فەییازی ڕیازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی**
**ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا**

---

١٥.تەختەبەند: شوێنێ بە تەختەی بە بزمار داکوتراو فەرش کرابێ.

١٦.بەلاغە زانستێکی فێرکاریانەیە بۆ ئەوەی بزانین چۆن بتوانین بە شێوەیەکی سنووردار گوزارش لە مانا و مەبەست بکەین، چۆن بتوانین مانا و سۆز و هەڵچوون تەفسیر بکەین و چۆنیش شێوازێك دابڕێژین بۆ مەبەستەکانمان.“ سەیری ئەم لینکە بکە:

https://didimn.com/%DA%95%DB%86%DA%98%DB%8C-%D9%86%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D9%84%D8%A7%D8%BA%D9%87%E2%80%8C%D8%8C-%D9%88%D9%87%E2%80%8C%D9%83-/%D8%A8%D8%A7%DA%B5%D8%A7%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%B3%D8%AA

# نالی و نیشتیمان پەروەری

**سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو خانەقا بکە**
**ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری ستوور؟**

ئەمە بەیتێکە لە چامە بەناوبانگەکەی نالی کە لە غوربەتەوە بۆ سلێمانی نووسیوە. لەم بەیتەدا زۆر ورد و جوان دایڕشتووە، باشتر وایە سەرەتا مانای دوو وشەی (چایر) و (ستوور) بزانین ئینجا بچین بۆ لێکدانەوەی شیعرەکە.مامۆستای گەورە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە لێکدانەوەی شیعرەکەدا بۆ ئەم دوو وشەیە دەڵێت:

- چایر: بەهاربەند.
- ستوور: چوارپێ، وڵاخی بەرزە.

لە هەردوو فەرهەنگی (خاڵ) و (هەنبانە بۆرینە)دا وشەی چایەر هاتووە کە مانای لەوەڕ و لەوەڕگەیە. واتا نزیکن لەیەکەوە.

نالی دەڵێت: سەیرێکی چیمەنی خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی بکە، بزانە ئێستا باخچەکەی چیمەنە و (ئاهو) ئاسکی تێدایە، یان چیمەنی جوانی نەماوە و بووەتە گژوگیای و لە بری ئاسک وڵاخی چوارپێ (ئەسپ و ماین و ئێستر)ی تێدایە.

- ڕەبیع: بەهار.
- ئاهوو: ئاسک.

ئەمە بەلاغەتی بەرزی نالییە، واتا ئایا ئەو خانەقا جوان و ناوازەیە کە شوینی خەڵکی خوێندەوار و زانستپەروەر و ئەدەبیانی ناسک و جوانە، یان پڕ بووە لە خەڵکی گەوج و نەزان و ملهووڕ، کە مەبەستی تورکە داگیرکەرەکانە.

## سەرچاوەکان:


١. دیوانی نالی شرح و تحقیق (ملاعبدالکریم مدرس و فاتح عبدالکریم).

٢. دیوانی نالی و کێ ڕاستە؟ (عەبدولخالق مەعروف) بەغداد ١٩٨٤.

٣. چەپکێک لە گوڵزاری نالی (مسعود محمد).

٤. دەستەو دامانی نالی(مسعود محمد).